# شینی عەبدولباری بۆ سەددام و بەعس تەواو نابیَ!

مەهاباد کوردی، ستۆکهۆلم 9-6-2003

نووسەری ڕەگەزپەرستی عەرەب و بە بنەچە فەلەستینی و سەرنووسەری ڕۆژنامەی ڕووڕەشی (القدس العربی) عەبدولباری عەتوان، لە بەرسڤی ئەو نامەی ناڕەزایی دەربڕینە کە لە ڕێی (کوردستان نێت) ەوە کوردەکان بۆ ڕاگەیاندنی عەرەبی و کەناڵە تەلەفزیۆنییە ئاسمانییەکانی نموونەی (ئەلجەزیرە) یان ناردووە، خۆی گۆتەنی بە سەرسامییەوە دەنووسێت: ئێوە لەمڕۆ بەدواوە پێویستتان بە چ کەسێک نابێت تا لەمەڕ دۆزەکەتان هەڵبداتیَ. سوپاس بۆ خوا ئەمریکاییەکان شک دەبەن. لەمە زیاتر چتان دەویَ؟ ئێستاش وا دەست بە سەر زەوی و زاری کەسانی تر دادەگرن و خەڵک لە ماڵەکانیان دەردەکەن. لەمە زێتر چی دیکەتان دەویَ؟ بە سوپاسەوە.

من خۆم هەست بە سەرسوورماوی ناکەم، کاتیَ لە کابرایەکی شۆڤینیستی وەک عەبدولباری عەتوان ئەم وتانەی سەرەوەم گویَ لیَ دەبیَ یا دەیانخوێنمەوە. ناوبراو کە بە سەفتە دۆلاری خوێناویی سەددام و بەعسی بۆ چووە تا ڕۆژنامە بۆگەن و ڕەگەزپەرستەکەی خۆی دەربکات، زۆر ئاساییە گەر شتێکی واش بڵیَ. لە هەمان کاتدا ئەو بە ئاشکرا لەسەر شاشەی کەناڵێکی وەک ئەلجەزیرە، هەمیشە و هەمیشە، داکۆکی لە بەعس و سەددامی پاڵەوانی گەورەی نەتەوەی عەرەب و سەرکەوتنە مەزنەکانی ڕژێمی گۆڕبەگۆڕ و کوردکوژی عێراق و داگیرکەری بەشێکی کوردستانیش کردووە. ئەمە مەسەلەیەکە خویا و ڕوونە و، هەمووشمان کەم تا زۆر لێی بەئاگاین.

عەبدولباری دەڵیَ: ئێوە، کورد-م. کوردی، لەمڕۆ بەدواوە پێویستتان بە چ کەسێک نابێت تا لەمەڕ دۆزەکەتان هەڵبداتیَ. جاریَ یەکیَ بۆی هەیە بەم شێوەیە قسان بکات کە پێشتر داکۆکی لە کورد و خاکەکەی کردبیَ و، خاوەن هەڵوێستێکی جوامێرانە و دۆستانەش بیَ. لیَ هەرچی عەتوانی ناعەبدولبارییە ڕێک بە پێچەوانەی ئەمە جوولاوەتەوە و، ئەوەندەی لە دەستی هاتبیَ و بیَ، دریغی لە ڕەشکردنی ناوی کورد و بزاڤە ڕزگاریخوازییە نەتەوایەتییەکەشی نەکردووە و ناشکات. خۆ ئەگەر عەبدولباری عەتوان ڕۆژیَ لە ڕۆژان لە کانگای دڵییەوە قسەیەکی خێری لە پێناو کوردان کردبیَ، ئەوا ئەوڕۆ مافی تەواوی خۆیەتی پێمان بڵیَ: ئێوە لەمڕۆ بەدواوە پێویستتان بە چ کەسێک نابێت تا لەمەڕ دۆزەکەتان هەڵبداتیَ.

تاوانبارکردنی کورد بەوەی کە پەیوەندی دەگەڵ ئەمریکا و ئەم و ئەودا هەبووە و هەیە، شتیَ نییە تازە بیَ و، لەمێژە ڕۆڵەکانی ئەم نەتەوەیە گوێچکەیان بەم جۆرە بەیت و باڵۆرانە تژی بووە. نەتەوەیەکی وەک کورد کە ویستوویەتی هەروەک نەتەوەکانی تری سەر ڕووی ئەم زەمینە سەربەخۆیی خۆی بە دەست بێنیَ، لە لایەن دەوڵەتە عەرەبییە شۆڤینییەکانەوە بە پلەی یەکەم و ئینجا دام و دەزگاکانی سەر بە خۆیان و ئەڵقە لە گوێکانیانەوە، بەوە تاوانبارکراوە گوایە ئیسرائیلی دووەم لە ناوچەکە پێکدێنیَ و زەبریش لە سەروەرێتی و یەکپارچەیی خاکی عێراق دەدات. بە گوێرەی وەها بۆچوونێک بیَ کوردستانی نیشتمانی کورد چ بوونێکی نەبووە و، دیرۆکی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی دەستکردی ئینگلیزیش ناگەڕێتەوە بۆ سەرەتای بیستەکانی سەدەی ڕابردوو و بەس، بەڵکو ئەوە کوردەکانن کە بە چ شتیَ قایل نابن و هەمیشە ئاژاوە بۆ (عێراقی دەروازەی ڕۆژهەلات) ی نیشتمانی عەرەب دەنێنەوە.

عەرەبەکان کە خۆیان بە بەردەوامی نۆکەری دڵسۆزی ئەمریکا بوونە، بە تایبەتیش ڕژێم و سەران و پاشاکانیان، کەچی بۆ نەتەوەیەکی بندەستی وەکو کورد حەرامە ئەگەر لە ئەمریکا یا ئەم و ئەو نزیک ببێتەوە. عەبدولباری عەتوان کورد بەوە تاوانبار دەکا کە خۆی خستوتە باوەشی ئەمریکا. من دەزانم ناوبراو، لە منیش چاکتر دەزانیَ، میرنشینۆکەیەکی وەک (قەتەر) ی خاوەن ئەلجەزیرە، نەک هەر پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا و

ئیسرائیلییەکاندا هەبووە و هەیە، بگرە بۆ ماوەی چەند ساڵێکیش ئەستێرەی داود لەسەر کونسوڵخانەی ئیسرائیل لە (دۆحە) ی پایتەختی ئەو وڵاتەدا شەکاوەتەوە. ئەمە و جگە لە هەبوونی بەردەوامی سەربازانی ئەمریکا لە کوێت و زۆربەی هەرەزۆری میرنشین و شانشینە عەرەبییەکانی تری کەنداو. لە دوای ئیسرائیل، میسر دووەمین دەوڵەتە، کە لە لایەن ئەمریکاوە بە شێوەیەکی سەربازیی یارمەتی دەدرێت. جا عەبدولباری عەتوان بەر لەوەی بێ سووکایەتی بە کورد بکات، ئەگەر ڕاست دەکات با ئاوڕێک لە دەوروبەرەکەی خۆی بداتەوە و، ئەگەر ئازاشە با ڕەخنەیەک ئاڕاستەی میری فیلئاسای قەتەر بکات.

عەتوانی داخ لە دڵ بەرامبەر بە کورد، بە خەڵکانێکی کوردی ڕاگوێزراو و ناوچە تەعریبکراو و دەرکراو لە ماڵ و شوێنی خۆیان، کە مافی تەواوی خۆیانە بگەڕێنەوە سەر جێ و ڕێ و خاکی ڕەسەنی خۆیان، دەڵێ: ئێستاش وا دەست بە سەر زەوی و زاری کەسانی تر دادەگرن و خەڵک لە ماڵەکانیان دەردەکەن. دیارە تەواو بە پێچەوانەی قسەکەی عەبدولباری کورد بە درێژایی مێژووی خۆی نەک هەر کەسی دەربەدەر و ئاوارە نەکردووە، بگرە ئەوە هەر خۆی بووە لە لایەن کەسانێکی بێگانە و غەوارەوە ماڵ و خاکی لێ زەوت کراوە و پەڕاگەندە و دەربەدەریش کراوە. هەر تەنیا بۆ نموونە لەوەتی باشووری کوردستان، بە زەبری هێز و بێ ئارەزووی دڵی گەلەکەی بە عێراقی دەستکردی ئینگلیزەکانەوە لکێنراوە، ئەوە هەر کوردە و نیشتمانی خۆی لێ حەرام کراوە و دووچاری سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی تەعریب و ڕاگوێزان و پیسترین جۆری چەوسانەوە و زۆرداری بۆتەوە. بەعسییە عەرەبە ڕەگەزپەرست و دڵڕەقەکان، ئەوانەی کە عەبدولباری دڵی بۆیان لێ دەدات، لە هەمووان خراپتر ئەم سیاسەتە شۆڤێنییەیان دەرهەق بە کورد ئەنجام داوە. عەبدولباری عەتوان کە خۆی فەلەستینییە چاک دەزانێ یەکێ لە خاڵە هەرە گرنگ و سەرەکییەکانی ڕێکنەکەوتن و توندوتیژی و گرژیی نێوان فەلەستینی و ئیسرائیلییەکان، تایبەتە بە گەڕانەوەی پەنابەرە فەلەستینییەکان، کە لە دوای دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل لە ساڵی 1948 ئاوارە و دەربەدەر کران. ڕێکخراوەکانی (حەماس) و (جیهادی ئیسلامی) و (بەرەی میللی ڕزگاریخوازیی فەلەستین) پێ لەسەر گەڕانەوەی ئەو پەنابەرە فەلەستینییانە دادەگرن. دڵنیاشم کە عەبدولباری عەتوان لەگەڵ گەڕانەوەی پەنابەرە فەلەستینییەکانە. ئا لێرەدا دەمەوێ بپرسم: ئەگەر فەلەستینییەکان مافی خۆیان بێ بگەڕێنەوە سەر زێد و واری تایبەت بە خۆیان، بۆ نابێ کوردەکانیش هەر هەمان مافیان هەبێ؟! هەر یەکێ کە وەها مافێک بۆ کورد ڕەت بکاتەوە، بیەوێ و نەیەوێ، نەیاری پلە یەکی کورد و کوردستانە.

مرۆڤ کە لە چاوپێکەوتنە تەلەفزیۆنییەکاندا، هەر لە کەناڵی ئەلجەزیرە، سەروسەکوت و دەم و چاوی عەبدولباری عەتوانی لە کاتی قسەکردندا بەر چاو دەکەوێ، یەکسەر تێدەگا ئەم کابرایە لە درۆ زیاتر شتێکی دیکەی پێ نییە. خۆ کە مەسەلە دێتە سەر کورد، ناوبراو دەیەوێ، کورد بە ڕۆڵەی وەفاداری عێراقە خۆشەویستەکەی دەروازەی ڕۆژهەڵاتی نیشتمانی عەرەب بمێنێتەوە. ئەگەر بە بۆچوونی ئەو بێ، تاکە ئەرکی سەر شانی ئێمەی کوردی ئەو بەشەی کوردستان، خزمەتکردنی عێراق و پاراستنی سەروەرێتییە نیشتمانییەکەیەتی. جا ئەم کارە تا چەند بە قازانجی کورد دەکەوێتەوە یان نا، ئەمەیان مەسەلەیەکی دیکەیە و لە دوور و نزیکیشەوە چ پەیوەندییەکی بە عەبدولباری عەتوانی فەلەستینییەوە نییە.

عەبدولباری عەتوان کە لە ئاست دەیان گۆڕی بەکۆمەڵی دۆزراوەی کوردە ئەنفالکراوەکان و عەرەبە شیعەکانیش چاوی خۆی کوێر کردووە و، ناشیەوێ شتەکان وەک هەن بیانبینێ، ئیدی دەبێ لەمە زیاتر چی لێ چاوەڕوان بکرێ. ئێ کوردیش خۆ سەددام حوسێن و بەعس نین تا عەبدولباری شین و واوەیلایان بۆ بگێڕێ.

لە کاتی هێرشکردنە سەر سەددام و بەعس، عەرەبەکان لە ئۆقیانووسەوە تا کەنداو، لە دژی ئەمریکا خۆپیشاندانیان ساز کرد. لە پاش ڕووخانی بەعس و سەددام بە دەیان گۆڕی بەکۆمەڵ دۆزرانەوە، کەچی هەر خودی ئەو عەرەبانە نقەیەکیان لێوە نەهات، چونکە بکەر و ئەنجامدەری ئەو کوشتارە بەکۆمەڵانە لە خۆیانن؛

واتە عەرەبن. تەنانەت یەک دوو حەفتە دوای دیتنەوەی ئەم هەموو گۆڕە بەکۆمەڵانەش، ئینجا کابرایەکی هیچ لە دەست نەهاتووی وەک (عەمرو مووسا) ی ئەمینداری گشتی ولاتانی عەرەب، تازە بە تازە دەیەوێ کۆمیتەیەک پێکبێنێ تا سەردانی عێراق بکا. بۆ چش؟ بۆ ئەوەی لە (ڕاستییەکان بکۆڵێتەوە!) .

کورت و کرمانجی: شین و واوەیلای عەبدولباری عەتوان و تەواوی عەرەبە ڕەگەزپەرستەکان، وێڕای بۆچوونە جیاوازەکانیشیان، بۆ سەددام و بەعس هێشتا هەر دەرێژەیان هەیە و وا دیارە بەم زووانەش تەواو نابن!

mehabadk@hotmail. com

**تێبینی کوردستان نێت:**

**ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.**